# رۆژی گەل

هەفتەنامەیەكی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی كوردستان دەری دەكات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7–2000

ژمارە (228) یەكشەممە 26 -4 - 2009

## ماوەی تۆماركردنی ناوی قەوارەی سیاسی درێژ دەبێتەوە

سەرچاوەیەك لە كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان بە رۆژی گەلی راگەیاند كە تۆماركردنی قەوارە سیاسیەكان بەمبەستی بەشداریكردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان تا كۆتایی دەوامی رەسمی رۆژی دووشەمە 27ی نیسان درێژ كراوەتەوە، ئەگەری ئەوەش هەیە تا كۆتای دەوامی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 30ی نیسان درێژ بكرێتەوە.

ئەو سەرچاوەیە جەختی كردەوە كە ئەمساڵ چەندین قەوارەی نوی ناوی خۆیان تۆماركردوە، بەڵام تا ئێستا هەندێك فۆرمەكانیان نەگەڕندۆتەوە، لەوانەیە لە رۆژانی داهاتوودا بیانگێڕنەوە. بەوهۆیەشەوە كێبەركێ گەرم دەبێ.

لا 3 نێردەی نەتەوە یەكگرتوەكان پێشنیاری هەرێمی سەربەخۆی كەركوك دەكات!

لا 4 كەی برینی كارەساتە سامناكەكان سارێژ دەكرێن؟!

لا 5 پەنجەكانتان مەبڕن و لە دەنگدان دا بە كاریان بهێنن!

لا 6 ڕاگری كۆلێژی پەروەردەی وەرزش بۆ رۆژی گەل دەدوێ

لا 7 بۆ رۆكسانا سابیری، كچێكی ئێرانی بە ناسنامەی ئەمەریكی

# كوردستان رەتی دەكاتەوە،بەڵام مالكی دەیەوێ سوپای عێراق چاودێری بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا بكات

سەرچاوەیەكی ئاگادار بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند كە نوری مالكی سەرۆك وەزیرانی عێراق نیگەرانی خۆی لە ئەگەری ساختەكاری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا دەربڕیوەو ئامادەیی خۆی پێشانداوە كە ئەگەر سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان رێگە بدات، ئەو وەك سەرۆكی هێزە چەكدارەكانی عێراق بەو پێیەی كە سوپای عێراق، سوپای دەوڵەتی فیدراڵە، سەربازی عێراقی رەوانەی هەرێمی كوردستان دەكات.

سەرچاوەكە دووپاتی كردەوە كە مالكی دەزانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان رێگە بەكارێكی لەو بدات، هەربۆیەش نوری مالكی لە رێگەی نافەرمیەوە پێشنیازی بەهەندێ هێزی كوردستانی كردوە و رایگەیاندوە كە ئەگەر بە فەرمی داوای لێبكەن تا سەربازی عێراقی چاودێری بەسەر سەندوقەكانی دەنگداندا بكەن، ئەو ئامادە دەبێ و بە هاوكاری ئەمریكاو هاوپەیمانان هەوڵ دەدات سوپای عێراق بچن و پارێزگاری لە بنكەكانی دەنگداندا بكەن و رێگە لە ساختەكاری بگرن، بەو پاساوەی كە لە هەڵبژاردنەكانی رابردوودا لە هەر سێ پارێزگاكەی هەرێمی كوردستاندا گوشاری جۆراوجۆرا دەكار كراوەو ناویان لە لیستی رەشدا بووە.

## كوردستان راپۆرتی یۆنامی تاوتوێ دەكات

ماڵپەڕی ئەسوات عێراق لە زاری دكتۆر فوئاد حوسێن وتەبێژی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بڵاوی كردۆتەوە كە راپۆرتەكەی دیمیستۆرا نێردەی تایبەتی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بە سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان گەیشتووەو لە رۆژانی داهاتوودا تاوتوێ دەكرێ و دوایش وەڵامی دەدرێتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەكان رۆژی هەینی رابردوو 24ی نیسان دیمیستۆرا راپۆرتەكەی یۆنامی سەبارەت بە رێگە چارەی كێشەی كەركوك و ناوچە دابراوەكان پێشكەش بە سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی بەغداد كردوە.

ئەو راپۆرتەی یۆنامی چەندین راسپاردەو پێشنیازی لەخۆگرتووەو پەسندكردنیشی زۆرەكی نیە، بەڵام وەك راپۆرتێكی شیكاری چارەسەری پێشنیاز كراوە.

چاودێران پێیانوایە كە لەم كاتەدا سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بەباش دەزانێ كە ناوچە دابڕاوەكانی پارێزگاری هەولێر، بەتایبەتیش مەخمورو گوێڕ بۆ پارێزگای هەولێر بگێڕدرێنەوەو بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا بكەن و دەنگیان نەفەوتێ، چونكە لە هەڵبژاردنەی ئەنجوومەنی پارێزگاكاندا رێگەیان پێنەدرا دەنگی خۆیان بدەن.

لەو بارەیەوە سەرچاوەیەك لە حزبی رزگاریی كوردستان رایگەیاند كە كوردستانیان هەرگیز رازی نابن كە بەبێ راپرسی كێشەی ناوچە دابڕاوەكان یەكلایی بكرێتەوە، بەدوریشی زانی كە كوردستانیان رێگە بە دامەزراندنی هەرێمی كەركوكی سەربەخۆ بدەن كە توركیا كاری بۆ دەكات.

## كەناڵی ئاسمانی كوردیەك دەست بە وەشانی خۆی دەكات

كەناڵی ئاسمانی كوردیەك كە ماوەی چەند مانگێك بوو بەرنامەی ئەزموونی خۆی پەخش دەكرد و بڕیاربوو لە 22ی نیسانی ئەمساڵ لە سەدو یازدەمین ساڵیادی رۆژنامەگەری كوردیدا دەست بە وەشانی ئاسایی خۆی بكات، رایگەیاندووە كە رۆژی دووشەمە 2009-4-27 بە فەرمی دەكرێتەوەو دەست بە وەشانی نۆرماڵ دەكات.

بەگوێرەی زانیاریەكان كاتژمێر 18 بەكاتی شاری دیاربەكر بە پەخشی بەرنامەی كەسكوسۆر كە بەرنامەیەكی منداڵانە كەناڵی ئاسمانی كوردیەك دەست بە وەشانی ئاسایی خۆی دەكات.

كەناڵی ئاسمانی كوردیەك كە بەهەوڵ و كۆششی رۆشنبیرانی هەرچوار پارچەی كوردستان و بە هاوكاری حكومەتی هەرێمی كوردستان دامەزراوە، وەك كەناڵێكی گشتگیری كوردستانی دەست بەوەشان دەكات و لاگیری لەهیچ لایەنێكی سیاسیدا ناكات، هەربۆیەش چاوەڕوانی سەركەوتنی لێدەكرێ.

## ئەحمەد تورك هۆشیاری بە سەرانی تورك دەدات

دوای ئەوەی هێزەكانی پۆلیس و ئاسایشی توركیا بە بەرچاوی كامێرای پەیامنێرانەوە لە جۆلەمێرگ هێرشیان كردە سەر منداڵێكی كوردو بە سەختی بریندایان كرد، ئەحمەد تورك هاوسەرۆكی پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتیك لەبەردەم ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی پارتەكەی رەخنەی توندی لە توركیا گرت و گوتی ئەگەر ئەو كارە بەرانبەر بە منداڵێكی ئیستەنبوڵ یان ترابزۆنیش بكرابوایە هەمان هەڵوێستیان دەبوو، شەرمەزاریان دەكرد.

ئەحمەد تورك رەخنەی توندی لە سەركردەكانی پارتی دادوگەشەپێدان گرت و رایگەیاند كە AKP وڵات بەرەو شەڕیكی خوێناوی دەبات، هەڵوێستی لایەنگری كردن لە شەڕ خۆیایەو هەموو كەسێك ئەو راستیە دەبینێ، بۆیە دەبێ چاو بە سیاسەتی خۆیان بخشێننەوە.

## پارتی كۆماری ئەمریكا هاوكاری چوار حزبی كوردستانی دەكات

بەگوێرەی هەواڵێك كە ماڵپەری كوردستان نیوز بڵاوی كردۆتەوە، رێكخراوی ئەنستیتوی كۆماریی نێودەوڵەتیی كە گرێدراوی پارتی كۆماری ئەمریكایە، ئامادەیی خۆی بۆ هاوكاریكردنی چوار حزبەی كوردستانی دەربڕیوە كە دەیانەوێ بەیەكەوە بەشداری لە هەڵبژاردن پەرلەمانی كوردستان دا بكەن.

بەرپرسی بەشی حوكمڕانی لەئەنستیتوی كۆماریی نێودەوڵەتی(دۆمۆنیك بیلون) بە رۆژنامەنوسانی راگەیاند" "ئەگەر چوار حزبە كوردستانییەكە داوای هاوكاریمان لێبكەن، ئێمە ئامادەین زیاتریش هاوكارییان بكەین بەمەبەستی سەرخستنییان لەپرۆسەی سیاسیی و سەرخستنیان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، ئەوەشی بە دەستوەردان لە كاروباری هەڵبژاردنەكان نەزانی و ئاماژەی بەوەدا" رێكخراوی ئەنستیتوی كۆماری پێشتر لەهەڵبژاردنەكانی لوبنان و ئەو وڵاتانەی پێویستان بە چاودێریكردن هەیە لە بارو دۆخی هەڵبژاردنەكان یارمەتی حیزب و گروپەكانیان داوە بە تایبەت ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی میانڕەو دەزانن .




## رۆژەڤ

چاكسازی و هەوڵدان بۆ كەم كردنەوەو ریشەكێش كردنی گەندەڵی لەنێو دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە هەموو ئاستێكەوە باسی لێوە دەكرێ، تەنانەت كابینەكانی حكومەت لە كارنامەكانی خۆیاندا راشكاوانە باسیان لە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی كردوە، بەڵام لە واری كرداریدا هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵنەگیراوەتەوە، تا ئێستا هیچ یەك لە وەزیرو جێگرەكانیان و بەرپرسەكانی دیكە بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشتی پەرلەمان نەكراون و لێپرسینەوەو لێكۆڵینەوەیان لەگەڵدا نەكراوە، ئەمە لەكاتێكدایە كە حكومەتی بەغداد رێچكەی شكاندووەو قامكی بۆ چەندین وەزیرو بەرپرس راوەشاندوە.

ئێستا كە باس لە هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی كوردستان دەكرێ، خەڵك هیوای وایە كە پەرلەمانی داهاتوو شێوازێكی دیكە لە رەفتاركردن لەگەڵ بەرپرسەكان بگرێتەبەر، هیواخوازیشە كە حزبەكان كەسانی شیاوو رابردو پاك و دەستپاك و دڵسۆز بۆ پۆستی وەزیری كاندید بكەن، هەر لە ئێستاشەوە باس لە گۆڕینی هەندێ وەزیر دەكرێ، بەڵام كێشەی گەندەڵی بە گۆڕینی وەزیر و بەرپرس چارەسەر نابێ، ئەگەر نیاز پاكی لەگەڵدا نەبێ و بەرنامەڕێژی گونجاوی بۆ نەكرێ و هەنگاوی كردەیی و راستگۆیانەی بۆ هەڵنەگیرێتەوە.

لەوانەیە هەندێك لیست لە كاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا هەوڵ بدەن كە دیاردەی گەندەڵی و لێنەپرسینەوە لە فەرمان بەدەستان بكەن بە سەردێڕی خۆیان، بەڵام ئێمە پێمانوایە كە دەبێ پەرلەمانی نوێ و كابینەی داهاتوو ئاوڕێك لە داخوازیەكانی خەڵك بدەنەوەو پرۆسەی چاكسازی و ریشەكێشكردنی گەندەڵی بكەن بە سەر مەشقی كارو بەرنامەكانی خۆیان.

كوردستانیان دەزانن كە ژیان لە خاڵێكدا چڕ نابێتەوەو هەموو داخوازیەكانیش لە چركەیەكدا بە ئاكام ناگەن، بەڵام خوازیارن لە خاڵێكدا دەست پێبكرێ و لە هەنگاوێكدا پرۆسەی چاكسازی و نەهێشتنی گەندەڵی بە ئاكام بگەیەندرێ. هەر بەرپرس و كابینەیەكیش ئەگەر خۆی بۆ ئەو پرۆسە تەرخان بكات، سەرنجی خەڵك بەلای خۆیەوە رادەكێشێ، خۆی خۆشەویست دەكات و تەمەنی خۆیشی درێژ و پڕبەرهەم تر دەكات، كەواتە با چاوی هیواكانمان لەسەر ئەو هەنگاوانە بگیرسێنەوە كە بڕیاروایە لە داهاتوودا بە راستوێژی هەڵدەگیرێنەوەو لەپێناو بنبڕكردنی هەموو جۆرەكانی گەندەڵی دەست بەكار دەكرێ!

## پێوەندی نێوان بەغدادو هەولێر ئاڵۆزتر دەبێ

سەرچاوەیەك بە رۆژی گەلی راگەیاند كە پێوەندی نێوان بەغداد و هەولێر لەو پەڕی گرژی دایە، نوری مالكی بەوە نیگەران بووە كە بۆچی رێزدار مەسعود بارزانی لە كاتی چوونیدا بۆ دیداری باراك ئۆباما لە بەغداد هەوڵی دیداری لەگەڵ ئەو نەداوە.

سەرچاوەكە گوتی كە گرژی و ئاڵۆزی نێوان بەغداد و هەولێر فرە لایەنە و فرە كێشەیە، لە پێشمەرگەوە تا نەوت و ململانێ لە سەر كەركوك و بەرفراوان كردنی دەستەڵات دەگرێتەوە، چاوەڕوانیش ناكرێ كە بەو زوانە یەكلایی ببنەوە.

سەرچاوەكە پێیوابوو كە ئەگەر سەرۆك تاڵەبانی لە بەغداد نەبوایە كێشەكە گەورەتر دەبوو.